# حکومەت ئاوی بۆ دابیناکرێت، تەقە لەخەڵکیش دەکات

دانا رەزگەیی. سۆران

بەپێی ئەو کاسێتە ڤیدیۆییەی دەست رۆژنامەی هاوڵاتی کەوتووە، پێش ئەوەی خۆپیشاندەرانی ناحیەی خەلیفان بگەنە لای بەڕێوەبەرایەتیی ناحیەکە پۆلیس تەقەی لەخۆپیشاندەران کردووە، سەرەنجام یەکێک لەخۆپیشاندەران گیان لەدەستدەداتو پێنجی تریش بریندارەدەبن، سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش رووداوەکە بەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی وەسفدەکات.

دوای ئەوەی رۆژی 17\8\ 2008 گوندی سریشمە خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان سازکرد بۆ بەردەم ناحیەی خەلیفان کەزیاتر لە (500) خۆپیشاندەر دەبوون، سەبارەت بەو پرۆژە ئاوەی کە بۆ گوندەکەیان دەرچووە، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی ناحیەکە لەلایەن پۆلیسەوە بەر تەقە دەدرێنو گەنجێکی 14 ساڵان بەناوی (هەڵوێست ئیبراهیم) گیان لەدەستدەداتو پێنجی تریش بریندارەدەبن.

هەرچەندە زۆربەی بەرپرسان ئاماژە بەوە دەکەن کە گوایە خۆپیشاندەران دەستپێشخەربوون لەنانەوەی ئاژاوەو شەڕکردن، بەڵام بەپێی ئەو کاسێتە ڤیدیۆییەی دەست رۆژنامەی هاوڵاتی کەوتووە ئەوە دەردەخات کەپێش ئەوەی خۆپیشاندەران بگەنە شوێنەکە پۆلیس دەست بەدەستڕێژ دەکات لەخۆپیشاندەران.

هەر رۆژی رووداوەکە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت لەهاوینەهەواری دوکان بەرۆژنامەنووسانی راگەیاند کە ئەوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەکاتێکدا خەڵکی گوندەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەئەو کێشەیە پەیوەندیی بەوەوە هەبووە کە ئەو پرۆژەیە تایبەت بۆ گوندەکەی ئەوان هاتووە لەسەر بڕیاری سەرۆکی هەرێمو ئەوانیش ئەوەیان قبوڵنەکردووە کە لەشوێنێکی ترەوە ئاویان بۆ بێت، چونکە ئاوی ئێستای گوندەکەیان پیسەو خاوێن نیە.



هاووڵاتییەکی خەڵکی گوندەکە کە ئامادەنەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە باسی لەسەرەتای خۆپیشاندانەکە کردو وتی »سەرەتا بەیاننامەیەکمان ئاراستەی ئاسایشو بارەگای ناوچەی پارتی کردو دواتر وێنەیەکیشیان دا بەبەڕێوەبەری ناحیە بەوەکالەت، بەڵام لەو کاتەدا دوای ئەوەی چەند کەسێک دەیانەوێت برۆنە ژوورەوە پۆلیسیش رێگە نادا بەوەی کەئەوان بچنە ژوورەوە، دواتر پۆلیسەکان هاواردەکەن بەردەرگای ناحیە بەربدەنو بڵاوە بەخۆپیشاندانەکە بکەن، بەڵام ئەوان چاوەڕوانی وەڵامن لەو کاتەدا پۆلیسەکان دەست بەتەقە دەکەن«. کە لەئاکامی تەقەکەدا مێردمنداڵێکی تەمەن (14) ساڵ شەهیددەکرێتو پێنج هاووڵاتیی تریش بریندارەدەکرێن.



سەرۆکی حکومەت لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی دوکاندا وتی »لیژنەیەک تەرخاندەکەین بۆ ئەو کێشەیە بۆ ئەوەی بگەین بەنەتیجەی کێشەکە«.

شەهاب محەمەد کە خەڵکی گوندی سریشمە بە هاوڵاتیی وت »ئەو ئاوەی دەرچووە، بۆ گوندی ئێمە دەرچووە، ئێستا ئێمە بەشێوازێکی هێمنانە داوای مافی خۆمان کرد، بەڵام لەکاتێکدا بینیمان ئەوان بەشێوازێکی زۆر دڕندانە تەقەیان لێکردینو بەبێ جیاوازی«. ئاماژەبیەوەشدا کەئەگەر ئەوان خۆیان نەخستایەتە پەنای دیوارەکان ئەوا زۆرتریان دەکوژرانو وتی »ئەو رۆژە لەیادچوونی مەحاڵە، چونکە هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەوەی کە من بینیومە لەگەڵ سەردەمی بەعس«.

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سۆران ئەوەیان نەشاردەوە کەپۆلیس هەڵەیانکردووە، هاوکات ئاماژەیانبەوەدەدا کە خۆپیشاندەران بەشێوازێک دژی ڕێساکانی خۆپیشاندەران بوونە.
عەمید ئەسکەندەر باپیر بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران لەلێدوانێکی تایبەتدا بە هاوڵاتیی وت »لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا توندوتیژی بەکارهاتووەو خۆپیشاندەران هاتوونەتە ناو ناحیەکەو بەشێوازێک کە دژی ڕێساکانی خۆپیشاندان بووە«.
بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران ئاماژەیبەوەدا کەئەو کەسەی کوژراوە هیچ پەیوەندیی بەخۆپیشاندانەکەوە نییەو بەڵکو لەناو یاریگادا بووەو جگە لەوەش وتی کە تەقەکردنو ڕوودانی ئاژاوەکە پەیوەندیی بەخۆپیشاندەرانەوە هەیە.
عەمید ئەسکەندەر باپیر بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران زیاتر قسەیکردو وتی »هەرچەندە پۆلیسەکانی ئێمە کارێکی هەڵەیانکردووە کە تەقەیانکردووە، بەڵام ئەو کەسەی کە کوژراوە هیچ پەیوەندیی بەخۆپیشاندانەکەوە نییە، بەڵکو ئەو لەیاریگا هاتووەتەوەو گوللەیەکی بەرکەوتووە، ئەگینا وەک چەند کەسێک کەهاوولاتییشن شاهێدیی ئەوە دەدەن کەخۆپیشاندەران چییان کردووە«.
لەبارەی لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو پۆلیسانەی کە تەقەیانکردووە عەمید ئەسکەندەر باپیر وتی »پۆلیسەکان دەستبەسەرنو لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵ دەکرێت، لەو کاتەشدا ئەفسەری بنکەی پۆلیسی خەلیفان بەوەکالەت بەڕێوەبەری ناحیەکە بووە کە ئەویش ئێستا گیراوە«.
جگە لەتەقەکردنو سوکایەتیکردن بەخۆپیشاندەران لەلایەن پۆلیسەوە، پۆلیسەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوڵاتیو کامێراو ریکۆردیان لێسەندووەو کامێراکەیان شکاندووە.
ئەو کەسانەی کە لەخۆپیشاندانەکەدا بریندار بوون 5 کەسن بەناوەکانی (محەمەد حسێن، ئەحمەد خدر، ئەحمەد ساڵح، محەمەد مستەفا، قادر حسن).
ئەو مێردمنداڵەی کە لەخۆپیشاندانەکەدا کوژراوە تاقانەی ماڵەوەیەو 6 خوشکی تریشی هەیە

سەرچاوە: هاوڵاتی
Wednesday, August 20, 2008